**محەمەد ئارکۆن و هیومانیزم لەکۆنتێکستە ئیسلامییەکاندا**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

پرۆژەی سەرەکیی محەمەد ئارکۆن پرۆژەی بیریارێکە لەناو بابەتێکی ئێجگار گرنگو هەستیاردا کاردەکات, پرۆژەیەکە دەچێتە نێو قولاییەکانی کەلەپوری ئایینی ئیسلامی تا دواجار بەبەکارهێنانی میتۆدە زانستییەکانی بواری سوسیۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیا بەکۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی گرنگو دەگمەندا بێتە دەرێ, پرۆژەیەکە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەکەرەستەیەکی سەرەکی بۆ هەڵکۆڵینی رووبەرە نەخوێنراوەکانی کەلەپوری ئیسلامیو دەرخستنی لایەنە تاریكو رۆشنەکانی ئەو کەلەپورەو پاشان هەڵوەشاندنەوەیانو پیشاندانی رەهەندو چینە جیاجیاکانی کە بەدرێژایی چەندین سەدە بەسەریەکدا کەڵەکە بوونو بیری ئیسلامییان بەدۆگمایەکی داخراو هێشتۆتەوە, ئەمەش کارو ئەرکی بیریارانی ئەو بوارەی دەیانجار قورستر کردۆتەوە, بەڵام ئارکۆن بەدرێژایی نیوسەدە لەتەمەنی لەرووی ئەکادیمیو پراکتیکییەوە سەرقاڵی کارکردنە لەو کایە گرنگەدا, پوختەی بیرو دەرەنجامی کارەکانی لەچەندین کتێبو وتاری زانستیدا خستۆتە روو کە لەهەردوو دنیای خۆرئاواییو خۆرهەڵاتیدا بەزمانی فەرەنسیو ئینگلیزیو عەرەبی بابەتەکانی چاپ کردووە. پتر لەدە کتێبی بەزمانی عەرەبی چاپکراوە کە زۆربەیان لەلایەن هاشم ساڵحەوە وەرگێڕدراون, واتە رۆڵی هاشم ساڵحیش بەوەرگێڕانو پەراوێزو شەرحە دوورودرێژەکانی هیچی لەرۆڵی ئارکۆن کەمتر نییەو بگرە پارسەنگی کارەکانی ئارکۆن دەکات.

یەکێ لەو کتێبانەی لێرەدا مەبەستمانە بیخەینە روو, کتێبێکە لەناو کۆنتێکستی ئیسلامیدا بەدوای کۆششی ئەو فەیلەسوفە ئیسلامییانەدا دەگەڕێت کەرەوتێکی هیومانیستی لەبیری ئیسلامیدا رەنگرێژ دەکەن, ئەم کتێبە "لەپێناوی هیومانیزم لەکۆنتێکستە ئیسلامییەکاندا" کە هاشم سالّح کردوویەتی بەعەرەبیو لەسالّی 2001 دا لەدارالساقی چاپکراوە, بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆجیانەی کێشەی هیومانیزم لە کەلەپوری ئیسلامیدا کەبەناو بیری تەوحیدیو جاحظو میسکەوەیهو ئیبن روشدو بیریارانی تردا گەشتێکی زانستی دەکاتو دەیەوێ ئەو دیوە پرشنگدارانەی بیری ئیسلامی بهێنێتە سەرەوە کەچەندین سەدەیە فەرامۆش کراون, هەژمونی ئەرسەدۆکسیو دۆگمای ئیسلامی نەیانهێشتووە ئەو بیرە هیومانیستییەی سەدەی چوارەمی کۆچی گەشە بکاتو پەرەی پێبدرێت.

ئەم تێزەی ئارکۆن لەم کتێبەدا, درێژەپێدانی هەمان ئەو تێزەیە کە لەسەرەتای سالآنی شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەتێزی دکتۆرانامەکەیدا خستویەتیە روو لەبارەی هیومانیزمی نەوەی میسکەوەیهو تەوحیدیو ئیبن عەمیدو صاحب بن عبادو سەرجەم ئەو نوسەرو ئەدیبو فەیلەسوفانەی رۆڵێکی چالاکیان هەبووە لەبرەوپێدانی ئەو تیۆرسازیو ئەرگۆمێنتەدا کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا کەشێکی فیکرییان خولّقاندبوو. ئارکۆن دەیەوێت پێمان بلّێت لەچوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا کەشێکی لەبارو گونجاو هەبووە بۆ گفتوگۆی فیکریو خستنە رووی کێشەی ئایین بەتەفسیرە جیاجیاکانی دەقی دامەزرێنەریشەوە, دەیەوێت بیرمانی بخاتەوە کە لەسەردەمێکدا فەیلەسوفی ئیسلامی هەبوون دەرگای بیری جیاوازیشیان بۆ تێڕوانینی

ئایینی دەکردەوەو ئەگەر ئەو کەشە ئایینیەی ئەوسا بەردەوام بوایەو دواجار ئەرسەدۆکسی ئیسلامی سەرانسەری بیری ئیسلامیی داگیرنەکردایە، دەشیا زووترو چەندین سەدە لەمەوبەر بیری دۆگمای ئیسلامی وشکی بکردایەو بیرێکی رۆشنگەرانە لەناو ئایینی ئیسلامیدا بڵاوببوایەتەوەو بارودۆخی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیش نەگەیشتایە ئەو حاڵەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین‌و ئەوسا دەشیا ئەو ناکۆکییە گەورەیەی نێوان مۆدێرنەی مادی‌و مۆدێرنەی مەعنەوی دروست نەبوایە کەسەرانسەری کۆمەڵگە عەرەبی‌و ئیسلامییەکانی تەنیوە.

کەواتە ئامانجی سەرەکیی ئارکۆن لەدەرهێنانی بیری هیومانیستیی ئیسلامی لەچینەکانی ژێرەوەی کەلەپوری ئیسلامی‌و لەگۆشە لەبیرکراوەکانی ئەو کەلەپورەدا، دەرخستنی ئەو لایەنە رۆشنگەرەی بیری ئیسلامییە کەدەکرێ بۆ ئەمڕۆش خوێندنەوەی زانستی بۆ ئەنجام بدرێ‌و ببێتە زەوییەکی بەپیت بۆ فەراهەمکردنی ریفۆرمی ئایینی‌و دەرچوون لەباوەڕی دۆگمای سەدەکانی ناوەڕاست‌و پێخستنە نێو چەرخی مۆدێرنەوە، ئارکۆن لەم ئاستەشدا بەدوو ئاڕاستە کاردەکات، ئاڕاستەی تیۆری‌و ئاڕاستەی پراکتیکی، واتە لەسەرێك کەلەپوری ئیسلامی هەڵدەوەشێنێتەوەو بەدوای دیوە گەشەکانیدا دەگەڕێت‌و ئەو بیریارو فەیلەسوفانەمان پێدەناسێنێت کەتێڕوانینێکی کراوەو تا ئاستێك رەخنە ئامێزیان بۆ ئایین‌و ئیمان‌و تەنانەت بۆ تێکستی دامەزراندنیش هەبووەو ئەمڕۆ لەبیرکراون، لەسەرێکی تر تیۆریزەی ئەو چەمك‌و میتۆدانەمان بۆ دەخاتە بەردەست کەخۆی کاریان تیادا دەکات‌و لەسەردەمێکی نزیکدا رۆڵێکی کاریگەریان لەخوێندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی تێکستی مەسیحیدا هەبووەو ریفۆرمی ئاینیان پێ

ئەنجام داوە, ئەمە سەرباری ئەو میتۆدە زانستییانەی ئەمڕۆ لەبواری کۆمەڵناسیو مرۆڤناسیو زمانەوانیو مێژووییدا داهێنراونو بەردەوامیش لەپەرەپێدانو گەشەکردندان, دواجار ئارکۆن ئەو دەستکەوتە زانستییانەی ئەو کایە گرنگە دەکات بەکەرەستەیەکی سەرەکی بۆ پراکتیزەکردنیان بەسەر کەلەپوری ئیسلامیو تێکستی قورئانیو فەرموودەو تەفسیرەکاندا.

ئارکۆن لەم کتێبەدا پێی وایە کۆمەڵگە ئیسلامییە هاوچەرخەکان لەدوو قۆناغی گرنگ دابڕاون, یەکەم: لەو قۆناغە داهێنەرەی کەلەپوری خۆیان دابڕاون کەدەرگایەك بۆ رۆشنگەریو بیری جیاوازی ئایینی دەکاتەوە, واتە چوارسەدەی یەکەمی کۆچی, یان تەنانەت تا سەدەی شەشەمی کۆچیشو تامردنی ئیبن روشدی فەیلەسوفی گەورەی ئیسلامی کەداوی ئەوە ئیتر بیرێکی سکۆلاستیکیو باوەڕێکی دۆگماتیزمانەی ئایینی بڵاوبووەو تەنها پشتی بەیەك تەفسیرو یەك قوتابخانەو یەك مەزهەب دەبەست وەکو مەزهەبی مالکی لەمەغریبی عەرەبیو مەزهەبی حەنەفی لەئیسلامی عوسمانیدا. دووەم: لەو قۆناغە گرنگەی مۆدێرنە دابڕاون کە لەئەوروپادا هەر لەسەدەی شانزەهەمو حەڤدەهەمەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام لەپێشکەوتندایە. بۆیە ئەم گیروگرفتە بۆ بیریارانو رۆشنبیرانی دنیای هاوچەرخی ئیسلامی گرفتێکی ئاڵۆزو قورسە, چونکە ئەمان لەبەردەم کەلەپورێکی مێژوویی قەبەو ئاڵۆزدان کە تائەمڕۆ خوێندنەوەی زانستی بۆنەکراوە. بۆیە دەبێ رۆشنبیرانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامی لەدوو سەنگەردا کار بکەن: سەنگەری کەلەپورو سەنگەری مۆدێرنەی ئەوروپیو چۆن بتوانن بگەنە ئاستێك قۆناغی کلاسیکی تێپەڕێننو بگەنە چەرخی مۆدێرنە. ئەم

کاره بەدوو گرووپ دەکرێ, گرووپی یەکەم ئەو پیاوە ئاینییانەی دیدێکی کراوەو رۆشنگەرانەیان بەرامبەر بەئایین و کەلەپورو مۆدێرنە هەیە "کە ئەمانە ئەمڕۆ ژمارەیان زۆر کەمە", گرووپی دووەم ئەو بیریارو رۆشنبیرو مێژوونووسانەی دیدێکی زانستی و واقعییان بۆ کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامی هەیەو باوەڕیان بەپراکتیزەکردنی میتۆدە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەمڕۆ بەداخەوە دەبینین مەعریفەو زانیاری زۆربەی پیاوانی ئایین لەسنوری زانیارییان لە کەلەپورێکی تەقلیدی دەرناچێت و لاهوتێکی بەسەرچوو دەخەنە روو و ئاگاداری ئەو دەستکەوتە زانستی و فەلسەفییە گەورانە نین کە لەماوەی چوار سەدەی رابردوودا مۆدێرنە بەدەستی هێناون.

ئارکۆن دوابەشی کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی لەپێناوی خوێندن و فێرکردنی ئەم زانستە. واتە چۆن لەڕووی زانستی مرۆڤناسییەوە لەدیاردەی ئایینی بکۆڵینەوەو هەروەها ئایین لەسەردەمە جیاوازەکاندا چ رۆڵێکی لەبارودۆخی ژیانی مرۆڤو کۆمەڵگاکاندا هەبووە, واتە دەبێ لەهەموو رەهەندە جیاوازەکانیەوە سەیری ئایین بکەین نەك تەنها لەرەهەندێکەوە کەپێمان وابێت بیری ئایینی سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ئێمەیە, ئەمە بۆ ئەوەی بەقوڵی لەکاریگەرییەکانی ئایین و بیرۆکەی "ئیمان" لەزەین و رۆحی مرۆڤدا تێبگەین تابزانین ئەو رێگەچارانە چین دەتوانن مرۆڤ لەدۆگماو چوارچێوە تەسکەکانی بیرکردنەوە رزگار بکەن.